# چەند باسێکی وردی
# زمانەوانی ـــ کوردی

﴿بەرگی یەکەم﴾

## ئەرکەکانی مۆرفیمی ( ە ) لە زمانی کوردیدا
### توێژینەوەیەکی مۆرفۆسینتاکسیە

پرۆفیســۆر دکتۆر
عــەبدوللا حوســێن ڕەســول

ئەم توێژینەوەیە یەکەم جار لە ژمارە ( ١ )ی گۆڤاری ( سابات )ی
بەشی کوردیی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین، بەهاری ( ٢٠٠٥ )
لاپەڕە ( ٣٨-٤٠ ) و دواتر لە لاپەڕە ( ١٦ )ی ڕۆژنامەی ( هەرێمی کوردستان )،
ژمارە ( ١١٨ )، ڕۆژی پێنجشەممەی ڕێکەوتی ١٩٩٧/٧/٢٤، بلاوکراوەتەوە.

# ئەم توێژینەوەیە دواتر ساڵی ٢٠١٥ لە کتێبی (چەند باسێکی وردی زمانەوانی ـ کوردی) لە لاپەڕە (٣) تاکو لاپەڕە (٨) بڵاوکراوەتەوە.



## ﴿ئەرکەکانی مۆرفیمی (ە) لە زمانی کوردیدا﴾

هەمو وشەیەك واتایەکی گشتیی فەرهەنگی هەیە، بەڵام زۆر جار ئەم واتایە بە پێی ڕەوتی ئاخاوتن ئەگۆڕێ. واتا جۆراوجۆرەکانی زمان هەڵگیراون و لە بەکارهێنانی جیا جیادا، وردە واتاکان دەرەکەون.

واتای گشتیی مۆرفیمی (ە)ش نیشاندانی نزیکیە، بەڵام لە ڕۆنانی جۆراوجۆردا، واتای جیا جیا ئەبەخشێ، کە هەمویان گەردانکراوی چەمکی نزیکین. وەك:

**١ـ نیشاندانی چەمکی نزیکی:**

ڕاناوی جیای کەسی سێیەمی تاك (ئەو/ئەم)ە، کە هێمایە بۆ کەسێکی دورتر لە کەسی یەکەم و دوەم، بەڵام بەهۆی خستنەسەری مۆرفیمی (ە)، نزیکتر ئەبێتەوە و چەمکی نزیکی ئەبەخشێ:

ـــ ئەو/ ئەم هات. ← ئەوە/ ئەمە هات.

ئەتوانرێ، فرێزە ناویەکە فراوانتر بکرێ:

ـــ ئەو تابلۆمان هەڵبژارد. ← ئەو تابلۆیـــەمان هەڵبژارد.

ـــ پاسەوانەکە ئەو دزی گرت. ← پاسەوانەکە ئەو دزەی گرت.

**٢ـ چەمکی بەســـتنەوە:**

ئەم مۆرفیمە ئەتوانێ، دو وشە لە یەك نزیك بکاتەوە و بە یەکیان ببەستێتەوە:

ـــ گوڵ + گەنم ← گوڵـــەگەنم، مێرگ + سور ← مێرگـــەسور.

ـــ گێل + پیاو ← گێلـــەپیاو، شۆڕ + ژن ← شـۆڕەژن.

هەروەها ئەم مۆرفیمە ئەتوانێ، دو بەشی ڕستە لەیەك نزیك بکاتەوە و بە یەکیان ببەستێتەوە:

ـــ ئەچم + هەولێر ← ئەچمـــە هەولێر.

ـــ بەردێکم هاوێشت + گۆمەکە ← بەردێکم هاوێشـــتـــە گۆمەکە.

**٣ـ چەمکی ناســـــانـــدن (ەکە):**

نیشانەی ناساندن، تاکە مۆرفیمێك نیە، بەڵکو لە دو مۆرفیمی (ە) و ناوێك پێکهاتوە:

فرێزی ناوی + مۆرفیمی نزیکی (ە) + دەنگێکی تاوبڕ (کـ) + مۆرفیمی نزیکی (ە):-

أ ـــ (ە)ی مۆرفیمی نزیکیی یەکەم، ئەرکی نزیککردنەوە و دەستنیشانکردنی فرێزە ناویەکەی لە ئەستۆدایە. واتە؛ فرێزێکی ناوی لەناو هەمو فرێزە ناویەکانی تر، بۆ سەر شاشەی مێشك

نزيك ئەكاتەوە و لە پەردەی بیر تۆماری ئەکا. بۆ نمونە، کە وترا: (کــــوڕە هـــات، شـــوانـــە چـــو، دزە گـــیـــرا....)، لێرەدا، بە هۆی مۆرفیمی (ە)، کوڕێك لەناو هەمو کوڕان، شوانێك لەناو هەمو شوانان، یان دزێك لەناو هەمو دزان.... نزيك ئەكرێتەوە و لە مێشکی گوێگردا تۆمار ئەکرێ.

ب ـ (ە)ی مۆرفیمی نزیکیی دوەم، جارێکی تر هەمان شت (فرێزە ناویەکە)، نزيك ئەكاتەوە و لە شوێنی پاشەکەوتکردن و تۆمارکردنی دەریئەهێنێتەوە و ئەیخاتەوە سەر پەردەی بیری گوێگر، بۆ بەکاربردنی. (کوڕەکە/ شوانەکە/ دزەکە)، واتە؛ (ئەو کوڕە/ شوانە/ دزەی ئێمە ئەیزانین).

ج ـ دەنگی (ک)، کە لە نێوان ئەو دو بزوێنەدایە، ناوبڕە و ئەرکێکی دەنگسازیی هەیە، کە لەیەك دابڕینی دو بزوێن و ئاسانیی گۆکردنیانە.

**٤ ـ چەمکی کاتی ئێستا:**

نزیکترین کات، دەمی ئاخاوتنە و پێی ئەوترێ (کاتی ئێستا). کە بە مۆرفیمی (ە) ئاماژەی بۆ کراوە. ئەم مۆرفیمە لەبەرئەوەی بزوێنێکی کورت و بێهێزە، کەم بە تەنیا دەرەکەوێ، بەتایبەتی چونکە کار لە زمانی کوردیدا، یا مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا/ت/د/ی/و)یان لەگەڵدایە، یا مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ/Ø). مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ/Ø) و مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە/ Ø)، جگە لە هەندێ شوێنی تر، بەردەوام بواری بەتەنیا دەرکەوتنیان لە کاتێکدا ئەبێ، کە ڕاناوی لکاو لە ئاستی سەرەوەدا دەرنەکەوێ و وەك مۆرفیمی سفر (Ø) خۆی بنوێنێ. بۆ نمونە، لە ڕستەی هەواڵدان:

فرێزی ناوی + ڕەگی چاوگی بون (Ø) + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك (Ø)

ـ پیاو + Ø + ە + Ø ← پیاوە.

ـ زیرەك + Ø + ە + Ø ← زیرەکە.

ئەوە لە بارێکدا، کە ڕاناوی لکاو، کەسی سێیەمی تاك بێ ە وەکو سفر (Ø) دەرنەکەوێ، بەڵام لە کەسەکانی تر، ڕاناوی لکاو دەرەکەوێ و لە ڕوی دەنگسازیەوە کار ئەکاتە سەر ئەو بزوێنە کورتە و ئەسوێ:

فرێزی ناوی + ڕەگی چاوگی بون (Ø) + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕاناوی لکاو(م/ی/ین/ن)

ـ پیاو + Ø + Ø + م/ی/ین/ن ← پیاوØ م/ی/ین/ن.

ـ زیرەك + Ø + Ø + م/ی/ین/ن ← زیرەکØ م/ی/ین/ن.

بەڵام ئەگەر ڕەگی چاوگی ( بون ) لە ئاستی سەرەوەدا دەرکەوێ، ڕستەکە لە هەواڵدان ئەگۆڕێ بۆ فەرماندان، کەسەکەش لە سێیەمی تاك ئەگۆڕێ بۆ کەسی دوەمی تاك و یاسای داڕشتنی ڕستەی فەرماندانەکە بەم شێوەیە :

فرێزی ناوی + ڕەگی چاوگی بون ( بـ ) + مۆرفیمی کاتی ئێستا ( ە ) + ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی تاك ( Ø )

ـــ پیاو + بـ + ە + Ø ← پیاو بە.

ـــ زیرەك + بـ + ە + Ø ← زیرەك بە.

دیسان ئەگەر ڕاناوی لکاو ( ن )، بۆ کەسی دوەمی کۆ دەرکەوێ، دەنگی ( ە ) کە مۆرفیمی کاتی ئێستایە ئەسوێ:

ـــ پیاو + بـ + Ø + ن ← پیاو بـØـن.

ـــ زیرەك + بـ + Ø + ن ← زیرەك بـØـن.

( ە )ی مۆرفیمی کاتی ئێستا، لەگەڵ مۆرفیمەکانی تری کاتیش ئەرکی خۆی ئەنجام ئەدا. بۆ نمونە :

١ـــ ڕانەبوردو:

مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕەگ + مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ/ Ø) + ڕاناوی لکاو (م/ی/Ø/ین/ن/ن )

ـــ ە + سـوتـ + ێ + م/ی/Ø/ین/ن/ن ← ئەسـوتـێـم/ی/Ø/ین/ن/ن.

ـــ ە + نـوسـ + ێ/Ø + م/ی/Ø/ین/ن/ن ← ئەنـوسـØم/ئەنـوسـØی/ئەنـوسـØێ.....

بواری کارکردنی ئەم دۆخە لە ئێستا بەرەو داهاتوە.

٢ـــ ڕابوردوی بەردەوام:

مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕەگ + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا/ت/د/ی/و) + ڕاناوی لکاو (م/ی/Ø/ین/ن/ن )

ـــ ە + سـوتـ + ا + م ← ئەسـوتـام.

ـــ ە + چـ + و + Ø ← ئـەچـوØ.

ئەوە بۆ تێنەپەڕ، بەڵام بۆ تێپەڕ:

مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕاناوی خاوەنی (بکەر) + ڕەگ + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + ڕاناوی ڕێککەوتن ( بەرکار)

ـــ ە + مانـ + گر + تـ + ی ← ئەمانگرتی.

ـــ ە + یانـ + خوێنـ + د + Ø ← ئەیا نخوێندØ.

**٣ـــ ڕابوردوی تەواو:**

**□ئاوەڵناوی کراو + مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕاناوی لکاو□.**

**واتە؛ □ڕابوردوی سادە + مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو (و) + مۆڕفیمی کاتی ئێستا + ڕاناوی لکاو□.**

**واتە؛ □ڕەگ + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو (و) + مۆڕفیمی کاتی ئێستا + ڕاناوی لکاو□.**

**ـــ وەستـ + ا + و + ە + Ø ⟵ وەســــتاوەØ.**

**ـــ بـــو + و + و + ە + Ø ⟵ بووەØ.**

**ـــ مـــر + د + و + ە + Ø ⟵ مردوەØ.**

**هەروەها مۆڕفیمی (ە)، ڕۆنانی ئامرازی (ە+و+ە⟵ەوە)ی دوپاتیش ڕۆڵی خۆی ئەبینێ، کە (و) مۆڕفیمی دوریە و هێمایە بۆ جاری یەکەمی ڕودانی کارەکە و (ە)ی کۆتاییش هێمایە بۆ دواجاری ڕودانەکە، بەڵام (ە)ی یەکەم، فرێزە کاریەکە و هەردو جارەکەی ڕودان کە لە (و+ە⟵وە)دا خۆی ئەنوێنێ، بەیەکەوە ئەبەستێتەوە.**

**ـــ هاتم‿وە‿هاتم ⟵ هاتم + وە ⟵ هاتم‿ە‿+وە ⟵ هاتمەوە.**

**واتە؛ ئەرکی مۆڕفیمی (ە) یەکەم کە واتای نزیکی ئەدا، نزیکردنەوە و بەستنەوەی هەردو جاری ڕوداوەکەیە، پێشتر و ئێستا. ئەرکی مۆڕفیمی (و)، کە واتای دوری ئەدا، ئاماژەکردنە بۆ هەبونی پێشتری ڕوداوەکە و ئەرکی مۆڕفیمی (ە)ی دوەم کە هەمان واتای نزیکی ئەدا، ئاماژەکردنە بۆ ئێستای ڕوداوەکە یان جارە نزیکەکەی ڕوداوە کە دوبارە بوەتەوە.**